عەلی مەحمود محەمەد ئەمجارەشیان بەهەڵدا چویت

هەرچەندە نامانەوێت دابەزینە سەر ئاستی نوسینی شەڕە دەنوک و ئەوەی پێی دەوترێت (مهاترات) بەڵام لەناچاریدا دەبێت لەبەرامبەر خەڵکانێکی چەواشەکاردا راستییەکان روون بکەینەوە.

پێویستمان بەوە نییە بەڵگەو گەواهی بهێنینەوە کە حکومەتی هەرێم (ئیدارەی سلێمانی) چۆن مامەڵە لەگەڵ دیاردەی رێپێوان و خۆپیشاندان دەکات خۆی دەتوانی بە ئەرشیفدا بچێتەوە کە چەندین رێپێوان کراوەو بەردەوامیش سازدەکری بەبی هیچ رێگری و ئاستەنگییەک.

ئەوەی مەبەستمانە بوترێت ئەوەیە وەزارەتی ناوخۆ بەهیچ شێوەیەک بریاری لە بارەی ئەوەوە دەرنەکردووە کە هەر کارمەندێکی بەشداری رێپێوان و خۆپیشاندان بکات لەسەر کار دەردەکری یان قەدەغەی بەشدارییان بکات.

عەلی مەحمود وەکو هەنگی لەداردا دۆزیبێتەوە کۆپی بڕیارێکی لە رۆژنامەی ئاسۆ وەرگرتوە کە دڵنیام کاک عەلی ئەو بڕیارەی نەخوێندۆتەوە ئەگەر خوێندبێتیەوە چۆن دەڵێ وەزارەتی ناوخۆ ئەو بڕیارەی دەرکردووە ئێمە بۆ دەرخستنی راستیەکە کۆپی ئەو ژمارەیەی رۆژنامەی ئاسۆ بڵاودەکەینەوە باخوێنەر حوکم بدات تکایەکی برایانەش لە کاک عەلی دەکەین کە وردترو زانستی و بابەتیانە لەشەر شتەکان بنوسی نەک خۆی توشی هەڵەی وا بکات داواش دەکەین رۆژنامەکە جارێکی تر بخوێنێتەوەو بەئەرک نەبێت پۆزشێک بۆ ئێمە نا بۆ خوێنەران بهێنێتەوە ئێمە لێی سۆنگەی باوەڕبون بە ئازادی رادەربڕینەوە بەکارێکی ئاسایی دەزانین چونکە لەوانەیە کاک عەلی رق و کینەیەکی تایبەتی خۆی هەبێت و ئەوەی کردبێتە بەهانە. بەڵام بەداخەوە کاک عەلی ئەمجارەشیان بەهەڵدا چوو.

راگەیاندنی وەزارەتی
ناوخۆ